# کارامەییە ئەکادیمیەکان

**قۆناغی یەکەمی ئابووری**

**د. نەسرین سلیمان حسین**

# گفتوگۆی زانستی

# گفتوگۆی زانستی

گفتوگۆی زانستی: ئەو تاوتوێیەیە کە لە نێوان دوو لایەن یان چەند لایەنێك ئەنجام دەدرێت بەمەبەستی ڕوونکردنەوە یان تێگەیشتن لە بابەتێك یان باسی بیرۆکەیەکی نوێ یان دژایەتی شتێکی خراپ یان نا لەبار.

بنەماکانی تاوتوێکردن ئەمانەن:

١- بەڕێگای زانستیانە تاوتوێ بکرێت.

٢- پێشکەشکردنی اسپات (بەڵگە) .

٣- نەبوونی هەڵە و ناڕێکی (تناقض) لە گفتوگۆکە.

٤- بوونی دوو لایەن یان زیاتر .

٥- بوونی بابەتێك یان چەند بابەتێك بۆ گفتوگۆکردن.

٦- سوودبەخشی بابەتەکە.

## بەهێزکردنی تواناى تاکەکانی کۆمەڵگا بۆگفتوگۆکردن لەڕێگای دابینکردنی ئەم پێویستیانە دەبێت:

١- فێرکردن و خوێندن و نەهێشتنی نەخوێندەواری.

٢- دابینکردنی تەکنۆلۆژیای زانیاری (کۆمپیوتەر ، ئەنتەرنێت).

٣- بوونی داتا و ئاماری پێویست لەسەر هەموو بوارە جیاوازەکانی کۆمەڵگا.

٤- دەرفەتدان و لادانی ترس و تۆقاندن و ئەشکەنجە و پەراوێزخستن.

# مەرجی سوودبەخشی بابەت

١- بەرژەوەندی خەڵکی تیابێت.

٢- بابەتەکە کێشەی لەسەربێت، بەئامانجی چارەسەر.

٣- بۆ گفتوگۆ بشێت بێت.

# مەبەست لە تاوتوێکردن

١- ڕوونکردنەوەی بابەتەکە.

٢- وەرگرتنی بیروبۆچونی خەڵك لەسەر بابەتەکە.

٣- کۆکردنەوەی زانیاری زیاتر لەسەر بابەتەکە.

- دەکرێ تاوتوێکردن بەشێوەیەکی ڕەمەکی بێت:
- بۆ نموونە لەکاتی چونەدەرەوەت لەماڵ لەوانەیە لەگەڵ کەسانی تر ڕووبەڕووی بابەتێك ببیتەوە و گفتوگۆی لەسەر بکەیت.
- یان لەکاتی گەڕانەوەت بۆ ماڵەوە گفتوگۆی بابەتێك بکەیت (کاروباری ماڵ، وەرگرتنی دەنگوباس، وەرگرتنی را) لەگەڵ ئەندامانی خێزانەکەت.

# ئامراز یان شێوازەکانی گفتوگۆکردن

١- ڕاستەوخۆ بە قسەکردن بە زمان.

٢- لەڕێگای نوسراو.

٣- لەڕیگای تەلەفۆن.(نۆرماڵ، مۆبایل)

٤- بەکارهێنانی تەکنۆلۆژیای زانیاری وئەنتەرنێت ( Email, Skype, Facebook,Yahoo).

## پێویستە لە کاتی گفتوگۆ ڕەچاوی ئەم خاڵانە بکرێت:

١- دەرنەچوون لە بابەت.

٢- گوێڕاگرتن لە بەرامبەر.

٣- بیرو بۆچوونەکان ئەرێنی بن واتە بنیاتنەر بن نەك نەرێنی و ڕوخێنەر.

٤- دەرفەتدان بەخەڵك.

٥- بێ فیزی لە گفتوگۆ.

٦- نەهێشتن یان کەمکردنەوەی زیان.

٧- چارەسەرکردنی گرفتەکان نەك زیادکردنی گرفتەکان.

٨- دەربڕینی قسە بەکورتی ، درێژدانەدڕی لە قەسەکردن، کورت بڕی بێ کەم و کوڕی.

٩- وەرگرتنی چوارچێوەی زانستی.

١٠- متمانە بەخۆبوون لە کاتی گفتوگۆ.

# خۆ ئامادەکردن بۆ گفتوگۆی زانستی

کاتیك کە پێشوەختە ئاگادار دەکرێیەوە بۆ نموونە خۆئامادەکردن بۆ(کۆبونەوەیەکی تایبەت، کۆڕ، کۆنفرانس، وانە ، ۆرك شۆپ).

چۆنیەتی خۆ ئامادەکردن بۆ گفتوگۆی زانستی:

١- زانیاری کۆکردنەوە لەسەر بابەتەکە.

٢- ئاگاداربوون لە مەبەستی بابەتی گفتوگۆکە.

٣- زانینی ڕای خەڵکی تر ( ڕاپرسی).

٤- ڕاویژکاری.

٥- زانینی ئاستی زانیاری و ڕۆشنبیری و کۆمەڵایەتی بەشداربووان.

# سوودەکانی خۆئامادەکردنی پێشوەختە

١- متمانە بەخۆبوون لەلایەن کەسی پێشکەشکار لە گفتوگۆ زانستیەکە.

٢- دەبیتە هۆی دروست بوونی گفتوگۆی بابەتیانە لەسەر بابەتەکە.

٣- دەبێتە هۆی دروست بوونی گفتوگۆی هێمنانە .

٤- وردبینی (دقة) لە گفتوگۆکردن .

٥- دەرنەچوون لە ناوەڕۆکی بابەتەکە.

٦- ئامادەبوان بەگرنگیەوە گویَ لە بابەتەکە دەگرن و سەرنج دەدەن ، بەتایبەت ئەگەر بابەتەکە زیندو یان نویَ بوو.

# بۆ نموونە : گفتوگۆکردن لەسەر بابەتی ژینگە

١- ژینگە چی یە؟

٢- پەیوەندی و کاریگەری ژینگە چییە لەسەر مرۆڤ؟

٣- چۆن مامەڵە لەگەڵ ئەم بابەتە دەکرێت لە پراکتیکدا (واقع)؟

٤- بارودۆخی ژینگە لە وڵاتی خۆمان چۆنە؟

- دام ودەزگا پەیوەندیدارەکان و لێپرسراوان.
- لایەنی یاسایی ژینگە.
- کەلتوری ژینگە لەلایەن خەڵك (ئاستی هۆشیاری دەربارەی ژینگە).
- لایەنی کۆمەڵایەتی و ڕێکخراو و پارتە سیاسیەکان.
- ڕۆڵی سیستەمی خوێندن لە پاراستنی ژینگە.
- ئەنجامدانی توێژینە و لێکۆڵینەوەی زانستیانە لەبارەی ژینگە و دەرخستنی لایەنە خراپ و باشەکانی.
- لایەنی چاودێری لە وڵاتدا.
- ڕۆڵی شارەوانی لە پاراستنی ژینگە.
- وەرگرتنی رای پسپۆڕ و شارەزایانی ژینگە.

- دەستنیشانکردنی سەرچاوەکانی پیسکردنی ژینگە:

١- چالاکیەکانی ناومالٚ.

٢- چالاکیە ئابووریەکان:

أ- پیشەسازی.

ب- کشتوکالٚی.

ج- گواستنەوە (هاتوچۆ).

٣- گەشت و گوزار .

- دەستنیشانکردنی چارەسەرەکان: گرتنەبەری چەند رێوشوێنەك و هۆشیارکردنەوەی خەلٚك وەکو:

١- لایەنی یاسایی.

٢- لایەنی کارگێڕی.

٣- لایەنی ڕاگەیاندن.

٤- ناوەندەکانی خوێندن.

٥- کۆنگرە.

٦- کۆنفرانس و ۆرك شۆپ و سمینار.

# زانیاری زانستی

زانیاری زانستی :بریتی یە لە بەرهەمی زانستی مرۆڤ.

- یان : چالاکیەکی بیر (هزر)ی مرۆڤە دەربارەی دیاردەیەکی ئاشکرا یان نادیارکە ڕێکخراوە و پۆلێنکراوە و ئامادەکراوە و پیشکەش کراوە، کە ئەم دیاردەیە پەیوەندی بە بەرژەوەندی مرۆڤ و کۆمەڵگا هەیە٠
- پێوستە بۆ بەدەستهێنانی زانیاری زانستی مرۆڤ شارەزایی هەبێت لەسەر ئەو یاسا زانستیانەی کە پەیوەنددارن بەم بابەتەوە ( وەکو چەمکی بابەتەکە ، تایبەتمەندیەکانی بابەتەکە، پێکهاتەکانی بابەتەکە، ....هتد)، کە پێشتر گفتوگۆ و توێژینەوەی لەبارە کراوە لەلایەن زانایان و خەڵکانی پسپۆڕ، کە زۆر لایەنی نهێنی ئەم بابەتەیان شیکردۆتەوە و ئاشکراکردوە.
- - لە کۆتاییدا گەیشتن بە ئەنجامی زانستی و پسپۆڕی لەم بابەتە بۆ کۆمەڵگا گرنگە ( کە لە وانەیە پسپۆڕیەکە لەبواری ئابووری یان کۆمەلأیەتی یان تەندروستی یان ژینگەیی یان تەکنۆلۆژیای زانیاری .....هتد ) بێت.

# لەدەستدانی خسڵەتی زانستی لە گفتوگۆ

لە  باری بوونی دەمارگیری لە گفتوگۆ  گفتوگۆ خسڵەتی زانستی لەدەست دەدات:

واتە بوونی دەمارگیری (تعصب) لە بۆچوونەکان ، بەبێ بنەما و بوونی ڕاستی و بیرسایی (منطقي) لە گفتوگۆ.

بۆ نمونە : تەنها بوونی فڕۆکەخانەی هەولێر بە هۆکاری پیس بوونی ژینگە دابنێی.

لێرەدا ئەو بۆچوونە لاوازە لە ڕووی زانستیەوە، بۆچی؟

- بەهۆی لاوازی و کەمی چالاکی فڕۆکەخانەی هەولێر ، کەمی هەستکردن بەو هۆکارە لەلایەن خەڵکانی تر، هەروەها لەبەر بوونی هۆکاری ئاشکراو کاریگەر لەسەر پیسبوونی ژینگە لەوانە:
- بوونی ژمارەیەکی زۆری ئۆتۆمبیل.
- زۆری کارگە پیشەسازیەکان (کارگەی بلۆك، کاشی...هتد) و نزیکیان لە گەرەکەکانی نیشتەجێ بوون.

# هۆكارەكانی دەمارگیری لە گفتوگۆ

١- جیاوازی ئاینی یان ریبازخوازی ( طائفي) : زۆر جار گفتوگۆ لە نێوان دوو كەسی ڕێباز خواز دروست دەبێت كە هەریەكەیان بابەتەكەی بە قەناعەتێكی نەگۆر وەرگرتووە.

٢- جیاوازی لە بیروبۆچوونی سیاسی : هەریەكەیان بیروبۆچوونەكانی لەسەر گریمان و شیكردنەوە و بنەما و بیری حزبی و ئایدۆلۆژیای جیاواز بنیات ناوە.

٣- جیاوازی كۆمەلأیەتی : بۆ نموونە بیرو بۆچوون دەربارەی ئافرەت

٤- جیاوازی بەرژەوەندی ،: زۆر جار كەسەكان پەنا دەبەنە بەر ئامرازی نا ئاسایی بۆ سەپاندنی بەرژەوەندی خۆیان، نەك بە قەناعەت پێكردنی خەڵك.

٥- جیاوازی لە سیستەمی كارگێڕی گشتی: مێژووی ئادەمیزاد سیستەمی كارگێڕی جیاوازی بەخۆوە بینیوە لەوانە:

- سیستەمی كۆیلایەتی.
- سیستەمی دەرەبەگایەتی.
- سیستەمی سۆشیالیستی
- سیستەمی سەرمایەداری .

# تقديم سمينار

# پێشکەشکردنی سمینار

- سمینارى قوتابیان پێویستە ئەم خالانەى خوارەوەى تیادا بەرجەستە بێت(يجب ان يوفر في السمنار الطالب النقاط التالية):
- خوێندنەوەى بابەتەکە بە وردى (قراءة الموضوع بشكل دقيق).
- کورت کردنەوەى بابەتەکە.(تلخيص الموضوع)

- ئامادەکردنی پرسیاری رەخنەگرانە لەسەری (بۆ وایە؟ چۆن وایە؟ سودی بابەتەکە چی یە؟ پەیوەندی بە واقیعەوە چی یە؟). (اعداد اسئلة نقدية حول الموضوع ، لماذا؟ كيف؟ ما هي فوائد الموضوع؟ ما هي علاقة الموضوع بالواقع)
- ئامادەکردنی بابەتی پێشکەش کراو بە بەرنامەی پاوەر پۆینت ppt ) اعداد او تقديم الموضوع بأستخدام برامج ppt).

- پێدانی ماوەی پرسیار کردن لەلایەن پێشکەشکارانەوە بۆ خوێندکارانی پۆلەکە( اعطاء الوقت في النهاية لتقديم الاسئلة من القبل الحاضرين).
- دەست پێکردنی گفتوگۆی ئەکادیمی لەلایەن پۆلەکەوە (لەگەڵ و دژ).(بدء الحوار الاكاديمي من قبل الصف (مع و ضد).

# شێوازی
# نووسینی ڕاپۆرت

# پێناسەی ڕاپۆرت:-

ڕاپۆرت  بریتی یە لە وەسیلەیەکی پەیوەندی کارا بۆ گواستنەوەی زانیاری جۆراوجۆر لە بوارە جیاوەزەکانی وەك (بازرگانی ، تەندروستی، ڕۆشنبیری، رامیاریی، زانستی ، هونەری ، سەربازی .....هتد).

وەهەروەها راپۆرت بریتی یە لە پوختەکراوی بابەتیك جا بەشیوەی دەستنوس بیت یان ئەلکترۆنی بەمەبەستی گەیاندنی پەیامیك بەشیوازیکی ئەکادیمی وە لەسەر بنەمای زانستی وە هەروەها پالپشت بە سەرچاوە باوەرپیکراوەکان.

# ئامەنجەکانی ڕاپۆرت:-

گرنگ ترین ئامانجەکانی ڕاپۆرت بریتین لە

١. گەیاندنی پەیام و زانیاری لەسەر بابەتێک .

٢. جوڵاندنی هەستە.

٣. گۆڕینی هەڵسوکوتی بەرامبەر.

٤. ڕازیکرندی بەرامبەر لەسەر بابەتێک.

## مەرجەکانی ئامادەکردنی راپۆرت:-

١ - **پیویستە ڕوون بیت**( یجب ان یکون **واضحا**).

٢ - **پیوستە کورت و پوخت بیت (موجزا)**.

٣ - **تیگەیشتن و وەرگرتنی ئاسان بیت (سهل فهمه وإستیعابه)**.

٤ - **هەموو بوارەکانی بابەتەکەی لەخۆگرتبیت (یغطي کافة جوانب الموضوع)**.

٥ - **پیّك بیت لە زانیاری راست و دروست (دقیقا)**

## هەیکەلی گشتی راپۆرت (الهيكل العام للتقرير)

## یەکەم/ سەرەتای راپۆرت

لاپەرەی بەرگ.

لاپەرەی پیکهاتەی بابەتەکە

پیشەکی

کورتەیەك

دووەم/ ناوەرۆکی راپۆرت :

پیش کەش کردنی بابەتەکە بەتەواوی.

دانانی خشتە.

هیل کاری.

دانانی وێنە.

سێیەم/ کۆتایی:

دەرئەنجامەکان.(النتائج) ، پێشنیارکراوەکان.(التوصيات) ، سەرچاوەکان.(الملاحق)

## پرۆسەی ئامادەکردنی راپۆرت

پرۆسەی ئامادەکردن و نوسینی راپۆرت بە پێنج هەنگاو تێ دەپەڕیت:-

١- هەنگاوی ئامادەکردن

٢- هەنگاوی ڕیکخستن و بیناى هەیکەل.

٣- هەنگاوی نوسین

- کۆکردنەوەی زانیاری دروست لەسەر بابەتەکە.
- دیاری کردنی چەمکە سەرەکی یەکانی بابەتەکە.
- دەست کردن بە رەشنوسی بابەتەکە.
- ووردبینی کردن و پێداچونەوە

٤- هەنگاوی پێداچونەوە

٥- کۆتا هەنگاو راکێشان (طبع) وپیێشکەش کردن .

## نیشانەکانی ڕاپۆرتێکی کارا :-

١. گەیاندنی پەیامەکە بە تەواوی و دروستی (کاملا، دقیقا وصادقا).
٢. بابەتیانە بیت و ڕاوبۆچونی کەسی بەسەرەوە نەبیت.
٣. سەرەتاو دەست بیکی هەبیت لەگەل کۆتا.
٤. یەك لەدوای یەك و رکخراوو دابەش کراو بیت بە شێوەیەکی گونجاو.
٥. بە زمانیکی پاراوو نوسینیکی روون نوسرابیت.
٦. لە کاتی گونجاوو بەشیوەی گونجاو پێش کەش بکریت.
٧. بی کەموو کورتی و هەڵە بیت.